www.kurdistannet.org
06/07/2002 23:09

# زوهدی داوودی و ئەفراندنی جیهانی پڕ ئەفسوون. .

سیروان رەحیم

کەم نین ئەو قەلەمانەی کەلە ئامێزی گەرموگوری دایکی خۆیاندا پەروەردەبوون و دواتر بوون بە مایەی خێروخۆشی بۆ ئەدەبیاتی بێگانە.

زۆرن ئەو گەرووە ئاشنایانەی کە ئاوازی دلبزوێنیان لێدەچۆڕێ، بەلام نەغمەو ئاهەنگی ئێمەشیان برد و بۆ ئەوانی تر وبەزمانی ئەوانی تر کەوتنە ستران چرین.

ئەمە لە ناو ئێمەی کوردو زۆرینەی گەلانی چەوساوەو وەلات داگیرکراودا بووە بە دیاردەیەکی تال و پرئازار.

(زوهدی داوودی) یش یەکێکە لەو قەلەم بەدەستانەی کە بە وزەیەکی بەهێزەوە خزمەتی ئەدەبیاتی عەرەبی کردووە. دیارە هەوێن و تانوپۆکانی نوسین لە کن داوودی سەرتاپا کوردین، بەلام زمان عەرەبیە و پێموایێ لە ئەنجامدا بەرهەمەکە دەبێت بە مالی ئەو زمانەی کە پێی نوسراوە. داوودی بە جۆرێک کوردیبوون لە بابەت و بەرهەمەکانیدا بەرجەستەبووە کە باشترین عەرەبی زانی کورد نەناس ناتوانێت بە تەواوی لە بەرهەمەکانی تێبگات.

بەلام وەکو گوتم، لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەمیش بەرهەمێکە کە بەزمانی عەرەبی نوسراوەو دەبێت بەمولکی ئەو زمان و ئەدەبیاتە کە هی کورد نیە. ئەوی سەرەوە بەراییەکی پێویست بوو، بەلام ئەوەی ئێستا لێرەدا من دەمەوێ دەربارەی بدوێم رۆمانی (دەمی هەلاتن) ی زوهدی داوودیە

* * * * *

(دۆلی کوفران) ئەو دۆلەیە کە دەبێتە پانتایی هەلچوون و گەشەکردنی دیمەنگەلی دەسپێکی رۆمانی (زمن الهروب_ دەمی هەلاتن) . ئەم رۆمانە کە بەردەوامیی بەشی یەکەمی رۆمانی (درێژترین سال- اتول عام) ە، رووداوەکانی لەو دۆلی کوفرانەوە دەکەونە سەر هێلی هەلکشان، هەر ئەوێیش دەبێت بە یەکێک لە مەیدانەکانی گرنگی درێژبوونەوەی بویەرەکانی رۆمانەکە. ئەم رۆمانە بەرهەمێکی سەرتاپا سەرنجراکێش و شایستەی خوێندنەوەیەکی وردە. رۆمانێکە کە لە دەسپێکەوە دەتکات بە ئاشنای خۆی، دەستبەرداری نابیت و لەگەل هەموو پالەوان و رووداوەکانیدا دەژیت. رۆمانێکە کە بە تەواوبوونی هەست بە خەمگینی دەکەیت و حەزدەکەیت لەوە زیاتر لە دۆلی کوفران و لەگەل رووداوەکاندا بمێنیتەوە. من بۆخۆم رۆمانی (زمن الهروب- دەمی هەلاتن) م لەگەشتێکی درێژی ئەورووپادا لەچوار وەلاتی جیاواز خوێندەوە. بەلژیک، ئالمان، سویس و ئیتالیا. بەلام سروشتی جیاوازو بەدەوی ئەو چوار وەلاتە نەیانتوانی لەکاتی خوێندنەوەدا لە دۆلی کوفرانم بهێننە دەرێ و لەو سروشتە دلگیرەی ئەو دۆلەم دابڕن، سروشتێک کە زوهدی داوودی بە خامەیەکی ئەفسوناوی بەرجەستەی کردووە. سەرباری چێکردنی سروشتی رۆمان و سازکردنی زەمینەی رووداوەکان، داوودی چەندە وەستایانە پالەوانی دروست کردووە. تۆ دەتوانی لە دوتوێی ئەم دوو رۆمانەدا لە مندالیەوە هاورێیەتی رۆستەم (پالەوانی سەرەکی رۆمانەکە) بکەیت و لەتەک ویدا هەموو ئەو شتانە بژیت کە ئەو

www.kurdistannet.org
06/07/2002 23:09

دەژی و دەیبینێت. تۆ دەتوانیت رۆستەمی منداڵ لە دۆڵی کوفران و رۆستەمی فەرمانبەر و رۆستەمی پیروبەساڵاچوو لەهەڵکشانی ئەم رۆمانەدا ببینیت. بەڵام بینینێکی ئاسایی خوەزا و خۆرسک. شانبەشانی بینینی وێنەکانی رۆستەم، تۆ دەتوانیت لە روانگەی ئەم رۆمانەوە ئەلبومێکی پر وێنەی سەرنجراکێش تەماشابکەیت، ئەلبومێک کە لەوێنەکانیدا ژیانی سادەی ئەو دەمی خەڵک، پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری، مێژوی سیاسی ناوچەکەو گۆرانکاریەکانی بە روونی تێدا ببینیت.

زوهدی داوودی لەم دوو رۆمانەدا نیشانی داوە کە لە ئەفراندنی کارەکتەر و چنینی بەسەرهات و تانوپۆخەملاندنی روداوەکاندا چ توانایەکی تۆکمەو پتەوی هەس. ئەو وەک نوسەرێک نیشانمانی دەدات کە بوارێکی چەند فراوان و هەناسەیەکی چەند درێژی هەیە بۆئەوەی روداوەکان هەمیشە بەرەو پێشتر ببات. هەروەها بابەت و مێژوویەکی کردووە بە هەوێنی کارەکەی کە نەک هەر خۆی پێیان ئاشنایەو بەس، بەڵکو ئەو بۆ خۆی پارچەیەکی دانەبراوە لەو شتانە. دیارە ئەمەیش بوارێکی تری لەبارە کە لەو هەموو هەورازانەمان دەدات و هەناسەمان سوار نابێت.

زوهدی زۆر تابلۆی رەنگین و زۆر دیمەنی کاریگەری لەم کارەدا ئەفراندووە، بە جۆرێک ئەوەندە زۆرن کە بە ئاماژەپێکردنیان لە بن دەرناچین، جگە لەوەی کە بە خوێندنەوە دەبێ پێیان ئاشنا بین، هیچ رێگەیەکی دیکەمان لەبەر نیە.

لە یەکێک لەو دیمەنانەدا کە دەکەوێتە کۆتایی رۆمانەکەوە، دیمەنی ورێنەکردنی رۆستەمە لە نەخۆشخانەی کەرکوک...

ئاهـ لەو قسەجەرگبرانەی کە رۆستەم لە کاتی ورێنەو قسەهەڵبزرکاندندا بەرانبەر بە مادلینی پەرستار دەیکات: مادلین، چومەوە دۆڵی کوفران، چاوم بە هەمووان کەوت، بەڵام تۆ لەوێ نەبویت، مادلین تۆ لە کوێ بویت؟ ورێنەکردنی رۆستەم و بێئاگابوونی مادلین و زۆراب لە کرۆکی مەسەلەکان چەندە جوان و سەرسورهێنەرە. چەندە پر حەسرەت و تاسەیە ساتەکانی تەنهابالی و بەدەنگەوە نەهاتن، نەدەستی نوژداریی مادلین و نە هەستی سۆزداریی زۆراب ناتوانن دەست بە باڵی ئاهەکانی رۆستەمەوە بگرن.

لێرەدا، لە ساتێکی کاریگەری شەڵەقاندنی هۆش و یادەوەریدا کە ئەفسون تانوپۆیەتی، شۆخ و شەنگی مادلینی دلبەرو پەرستار، خۆشەویستی زۆرابی کور و باپیرەو دەمسپی هۆز، بۆنی دلگیری مادلین لە نەخۆشخانەکەو گۆری پر نوری لە دۆڵی کوفران ئاوێتەو یەکانگیر دەبنەوە. ئەم ورێنەیەی رۆستەم یەکێکە لە ساتە پرچێژەکانی رومان و یەکێکیشە لە ساتە جەرگبرەکانی ژیان. ساتێکی وایە کە خوێنەر لە کن خۆی رادەگرێ. وات لێدەکات لە جێگەی خۆت وشک بیت و بە شێوەیەکی قول رامێنیت.

سەکۆکانی نیشاندان لەم رۆمانەدا ئامێزی شتگەلی سەرنجراکێشن. یەکێکیش لەو شتانە بەکارهێنانی لەباری ئەفسانەو چیرۆکەکانی خەیاڵی و دەستکردی ناوچەکەیە. هەر لە (فێ) ی جنۆکەوە تاکو دۆزینەوەی مادلین لە ئەشکەوتی جنۆکان، دواتر نوری گۆرەکەی مادلین، (فرینی) ئەسپەکەی وەلی وچاککردنەوەی چاوی کچە منداڵەکە و هتد. . . داوودی هەم بە

www.kurdistannet.org

جۆرێکی لەبار ئەفسانەی دارشتۆتەوەو هەمیش لەپای خەملاندنی رووداوەکاندا وەستایانە سودی لێوەرگرتوون. سەرباری ئەمانە لە بواری بەکارهێنانی ئەو ئەفسانانەوە روبەرێکی فراوانی چێژوەرگرتنی بۆ دەستەبەرکردووین.

قسەکردن و لەسەرنوسین دەربارەی ئەم بەرهەمە پشووی درێژو قەلەمی بەوزەی گەرەکە. بۆیە دوا شت دەخوازم دوور لە زێدەرۆیی بێژم:

ئەم بەرهەمەی زوهدی داوودی یەکێکی ترە لە ناونیشانەکانی رەسەنی رۆمانی رۆژهەلاتی.

www.kurdistannet.org